

## هەڵبژاردەیەک لە
## دووبەیتییەکانی باوەتاهیری کورد
## ناسراو بە
## باوەتاهیری هەمەدانی

**ناسری حیسامی کردوویە بە موکریانی**

### بەشی یەکەم

١
بە کافر بم کە بڕوانم بە گوڵدا
بە کافر بم کە بیچێنم لە گڵدا
بە کافر بم ئەگەر ناوی بەرم، ناو
کە دووسەد داغی لالەم وا لە دڵدا

٢
دڵم شەیدایە، وێڵی دەشتودەر ما
بە بای عیشقت، نە باڵم ما، نە پەڕ ما
بە من ئێژی سەبووریت بێ سەبووری
سەبووری کردی ئەم هەڕگە بەسەرما

٣
کە دڵ گریا، زمان ناڵەی نەهێنا
موژەم تەڕبوو، بەڵام ژاڵەی نەهێنا
شەوێک یار نایە بیبینم بە خەونیش
لە بەختم چاوی من لالەی نەهێنا

٤
بەڵا، - ئەی جوانێ!- ڕەمزێکە لە باڵات،
جنوون وەسفێکی سەرپایی لە سەودات
گومانی وەم لە سەنعەتکاری تۆیە
بە پەنهان چاوی دەبڕێتە تەماشات

٥
کە بمکووژی، بە پەیکانت، چ پەروات؟
دەرم کەی گەر لە کۆلانت، چ پەروات؟
لەتێکم دڵ هەیە، قەت نیمە پەروا
دڵی عالەم لە دامانت، چ پەروات؟

٦
ئەرێ دەردی من و دەرمانی من، دۆست!
ئەرێ وەسڵی من و هیجرانی من، دۆست!
چەقۆ بێنن کەوڵ کەن گەر لەشی من
جودا نابێ ئەبەد لە گیانی من، دۆست!

٧
دڵێکم هەس دەمێ بێغەم نەبوو قەت
غەمێکم هەس بە زەڕڕە کەم نەبوو قەت
هەموو جوانی جیهان دادم دەپرسن
کە یاری بێوەفام هاودەم نەبوو قەت

٨
بە گیانمدا گەڕا سێ دەرد بە یەکجار
غەریبی بوو، ئەسیری بوو، غەمی یار
غەریبی و ئەسیری چارەیان دێ
غەمی یار و غەمی یار و غەمی یار!

٩
خودا بیباتەوە بۆ خۆی دڵی زار،
لە دەستم نایە من تیماری بیمار.
ئەمن نەمزانی لەعلی لێوی بۆچی
بە خوێنم تینووە خۆی هێندە ئاودار

١٠
هەڵاڵەی کۆهسارانم ئەتۆی یار
وەنەوشەی جۆکەنارانم ئەتۆی یار
هەڵاڵەی کۆهسار وا هەفتەیەک بوو
ئومێدی ڕۆژگارانم ئەتۆی یار

١١
لە دڵ نەخشی جەماڵت لانەچێ یار!
خەیاڵی خەتت و خاڵت لانەچێ یار!
لە دەوری چاو، موژەم کردووە بە پەرژین
لە بەرچاوم خەیاڵت لانەچێ یار!

١٢
من ئەو ڕەندەم کەپێم ئێژن قەلەندەر
نە ماڵم هەس، نە حاڵم هەس، نە لەنگەر
کە ڕۆژ دادێ لە دەوری ماڵەکەی تۆم
کەشەو دادێ وەخشتێکی دەکەم سەر

١٣
سپێدەی زوو کە گورگان دێنەسەر مێش
کەزێکانت پەرێشان کە! وەرە پێش
بدە ماچێک لە کونجی لێوەکانت
بڵێ: ‘‘خێربوو، لە ڕێی خوا دامە دەروێش‘‘!

١٤
مەلێکم من لە نێو گڕدام سەروماڵ
دەسووتێ عالەمێک گەر لێک بدەم باڵ
نیگارکێش گەر بکا نەخشم لە دیوار
لە تەئسیرم دەبێ گوڵشەن بە زووخاڵ

١٥
خودایە خەستە و زارم لە دەست دڵ
شەو و ڕۆژ گیان بە ئازارم لە دەست دڵ
لە دەست دڵ من، لە دەست من دڵ دەناڵێ
نەبێ یاڕەب! کە بێزارم لە دەس دڵ.

١٦
من ئەو زامدارەکەی بێماڵ وحاڵم
من ئەو مارانگەزی ڕۆژگاری تاڵم
ئەمن ئەو دڕکوداڵی وشکی دەم ‘‘با’’م
بە دەم زریانەوە سەحرا دەماڵم

١٧
لە عیشقت ئاگرێ بەربۆتەماڵم
لە ئاگردا پەرێش و زارە حاڵم
سەگت گەر پێ بنێتەچاوم _ ئەی یار_!
بە برژانگ خۆڵی ڕێگاکەی دەماڵم

١٨
شەوان ناڵە، شەوی شەوگیر دەناڵم
لەدەستی یاری بێتەگبیر دەناڵم
دەمێ چەشنی پڵنگی تازەپێکراو
دەمێ وەک شێری ناو زنجیر دەناڵم

١٩
پەرێشانە کە حاڵم، چۆن نەناڵم
شکاوە پەڕڕ وباڵم، چۆن نەناڵم
خەڵک ئێژن فلانی بەسییە ناڵین
کە تۆ دێیە خەیاڵم، چۆن نەناڵم

٢٠
له خێڵ سووتەدڵانم چۆن نەناڵم
له هۆز بێحاسڵانم چۆن نەناڵم
له سەر گوڵ نیشتووه بولبول دەناڵێ
که لێم دوورن گوڵانم، چۆن نەناڵم

**بەشی دووەم**

٢١
قەڵەم دادەم له سەختەی ئێسکەکانم
مەرەککەب بێ له خوێنی نێو ڕەگانم
له پەردەی دڵ پەڕی کاغەز دەهێنم
که بینووسم له یاری میهرەبانم

٢٢
گوڵستان جێگەته ئەی نازەنینم
له گوڵخەندام و خاکستەرنشینم
چ گوڵشەن بێ، چ گوڵخەن بێ، چ سەحرا
که دەڕوانم، ئەمن هەر تۆ دەبینم

٢٣
له خۆشاوی ترێ خۆشه هەناوم
له یاری نازەنین بۆ هەڵبراوم؟
که من بێبەش له تینی ئاگرت بم
ئەدی بۆ دووکەڵی دەرد بێته چاوم؟

٢٤
غەمم هەر غەم بوو، غەمخۆری دڵم غەم
غەمم، هەم موونس و هەم یار و هەمدەم
به جێم ناهێڵێ غەم هەرگیز بەتەنیا
بژی، هەی بارەکەڵڵا، مەرحەبا غەم!

٢٥
ئەمن بێدۆست و تەنها ڕوو له کوێ کەم؟
ئەمن بێماڵ و مەئوا ڕوو له کوێ کەم؟
لەهەرجێیه دەرم کەن دێمه لای تۆ
که تۆ ڕامنەگری ئەوسا ڕوو له کوێ کەم؟

٢٦
قەدەر وابوو نە سەر بێنم نە سامان
پەرێشان هاتمە دنیاوە، پەرێشان
پەرێشانی جیهان گشت چوونە ژێر خاک
لە خۆڵی وان  قوڕی من هاتە شێلان

٢٧
پەشیمانم، پەشیمانم، پەشیمان
دەڵێم هەستم بڕۆم بارکەم لە لاتان
نەبوو ئەم کەونە دنیا قەت بە هاوڕێم
هەتا هات کۆڵی تازەی خستمە سەرشان

٢٨
موحیببەت وا گڕی بەردایە نێو گیان
هەتا مەحشەر بڵێسەی بێ لەدامان
عەجەب بەرگێک ئەتۆ دەبڕی بەباڵام
کە خەییاتی ئەجەل  بیکا دروومان

٢٩
بەوان خۆزگەم کە پێ و سەر نەپرسن
وەکوو شوعلە لە وشک و تەڕ نەپرسن
کەنشت و کەعبە وُ بوتخانە و دەیر
چ جێ بێ، غەیری دڵبەر  هەر نەپرسن

٣٠
زەلیل بێ یارەبی! هەر کەستە دوژمن
لە سینەی هەڵچەقێ، خەنجەر هەتا بن
سەری شەو بێمە لای، ئەحواڵی پرسم
سبەی بێنن لە قەبرانی بنێژن

٣١
دوو چاوی تۆ پیاڵەی پڕ لە مەی بوون
کەزێکانت خەراجی مڵکی ''ڕەی'' بوون
هەر ئەمڕۆ بۆ سبەینێ بوو بەڵێنیت
''سبەینێ''ی تۆ گوڵم نەمزانی کەی بوون !

٣٢
کە شەو بێ تۆ سەرم باوێمە باڵین
وەکوو نەی ئێسکەکانم دێنە ناڵین
شەوی دووری، لە جێی ئەسرین دەبینی
لە برژانگم بڵێسەی گەرمی پڕ تین

٣٣
وەرن سووتەدڵان هەروا بناڵین
لەدەستی یاری بێپەروا بناڵین
لەگەڵ بولبول بچینە سەیری گوڵشەن
چلۆن بولبوڵ دەناڵێ وا بناڵین

٣٤
چ دڵ چەشنی دڵی پڕژانی من نین
چ غەم چەشنی غەمی هیجرانی من نین
ئەگەر دەریایە، گەر هەوری بەهاران
حەریفی چاوی پڕگریانی من نین

٣٥
هەڵاڵەی شاخ و کۆ هەر هەفتەیەک بوو
وەنەوشەی لێوی جۆ، هەر هەفتەیەک بوو
دەڕۆم هاوار دەکەم ئەمشار و ئەوشار
قەرار و عەهدی تۆ هەر هەفتەیەک بوو

٣٦
دڵم بولبولسفەت حەیرانی گوڵ بوو
دەروونم وەک درەختی پێ بە گڵ بوو
لە چەشنی ئەرخەوان خوێنینە بارم
درەختی ناڵە، باری خوێنی دڵ بوو

٣٧
جیهانی بێوەفا زیندانی من بوو
گوڵی غەم قسمەتی دامانی من بوو
غەمی یەعقووب و، ژان و دەردی ئەییووب
هەموو گۆیا نەسیبی گیانی من بوو

٣٨
دڵم دایم ئەسیری ماتەمی تۆ
بە زنجیر بەستەیی دەرد و غەمی تۆ
دەپرسی: _"بۆچی وا پشتت چەمیوە؟"
چەمی پشتم لە بەر پێچ و خەمی تۆ

٣٩
بە وەڵڵاهی پەڕەی گیانم ئەتۆی، تۆ
سەرم بێ، یا کە سامانم، ئەتۆی، تۆ
نییە ئاگام کە چۆنم، یا کە چەندم
ئەوەم زانی کە دەرمانم ئەتۆی، تۆ!

٤٠
له ڕووی تۆدا هەتاو بێنوور و تاره
له ئەبرۆت مانگی یەکشەو شەرمەزاره
له چۆڵ و ئاوەدانی هەرچی دیتم
ئەوەی دڵگەرمه ناوی تۆی له زاره

**بەشی سێهەم و کۆتایی**

٤١
دڵم بێتۆ هەژار و بێقەراره
به دەستێوه ژیانم ژەهری ماره
به سەر خۆیدا دەدا وەک تفڵی بەدخوو
له تاو تۆ چارەڕەش بەم ڕۆژگاره

٤٢
غەمم بێحەدد و دەردم بێژماره
فەغان ئەم دەرده هەرگیز نەیبوو چاره
دەڵێن" ئارام به"! لێ نازانن، ئەفسووس
که هاواری دڵم بێ ئیختیاره

٤٣
دڵم ئێژی مەلێکی پا شکاوه
گەمیی کەونه، به لای دەریاوه ماوه
دەڵێن: _"تاهیر، سەدای بۆ نایه سازت؟"
سەدای چۆن بێ؟ که ژێتاری پساوه!

٤٤
غەمی عالەم له سەر شانم قەڵایه
به دەردی من، فەراغەت کیمیایه
هەموو دەردێک، دەبێ دەرمانی ڕۆژێک
دڵی من نا! که دەرمانی بەڵایه

٤٥
غوبار گرتوویه ئەم هەرده، بڵێم چی؟
که دڵ کەیلی غەم و دەرده، بڵێم چی ؟
گوڵێکم چاند له بەر دامانی ئەڵوەند
له بەختی من ئەویش زەرده، بڵێم چی؟

٤٦
فەلەک! ئەم گشتە ژەنگوژارە بۆ چی؟
گوڵم گەر نی، چزووی ئەم خارە بۆچی؟
کە سووک ناکەی لەسەر شانم چ بارێک
ئەدی بارت لە من سەربارە بۆچی؟

٤٧
قەزا ڕەمزێ لە چاوانی خوماری
قەدەر چەپکێ لە زولفی موشگباری
مەه و میهر ئایەتێ لەو ڕوومەتی جوان
هەموو جوانی جیهان ئاوێنەداری

٤٨
غەریبی ژەهرە، ژانی تیرە بۆ خۆی
لەسەر ئەستۆم، فەلەک زنجیرە بۆخۆی
فەلەک تۆ هەڵگرە زنجیر لە ئەستۆم
کە غوربەت، خاکی دامەنگیرە بۆ خۆی!

٤٩
دڵێکم هەس، بریندار ماوە بۆ خۆی
کە پەندی دادەدەم، سوودی نییە بۆی
بە دەم بایدا دەدەم، زریانێ نایبا
بە ئاگریدا دەدەم هەرنایە بۆسۆی

٥٠
سیابەختم، بەخت وێرانەماڵ بێ!
سیاچارەم، ڕەبی هەر کۆی زووخاڵ بێ !
ئەمن مەینەتبەشی دەستی دڵم بووم
چ دڵ، _یاڕەب!_ لە نێو خوێندا شەلاڵ بێ !

٥١
مەلێکم من، سەری شاخم وەتەن بێ
لە سەیرانم، لە هەرجێیەک چەمەن بێ
نە ماڵێکە، نە حاڵێکە، نە سامان
دەمی مردن، پەڕوباڵم کەفەن بێ

٥٢
شەماڵ ئەودەم کە عەتری بسکی تۆی بێ
لە سونبول خۆشترە بۆنی کە دەڕژێ
کە شەو دەگرم خەیاڵی تۆ لە ئامێز
بەیانی بۆنی گوڵ لەو جێگەیەم دێ

٥٣
ئەوا شەو هاتەوە گیانم بسووتێ
گریبان تا بە دامانم بسوتێ
لە سەر کفری کەزیی تۆ ئەی پەریڕوو
دەترسم من کە ئیمانم بسووتێ

٥٤
کە دڵ دەگری، دەڵێی ناڵەی لە نەی دێ
بە دایم دەردی هیجرانم لە پەی دێ،
بەشم سووتانە تا ڕۆژی قیامەت
بڵێی خوایە قیامەت تاکوو کەی بێ؟

٥٥
گڕی عیشقت لە گیانم سەر دەرێنێ
لە جەستەم خۆڵەمێشێ جێ دەمێنێ
نەمامی میهری تۆ ببڕن لە جەرگم
لەسەد لاوە پەلی تازە دەهێنێ

***